

ئاسۆ زەند

ئامادەکردنی : حەمە

# ئاسۆ زەند کاندیدی ژمارە چواری پارتی ژینگە پارێز بۆ پەرلەمانی سوید لە ڤێرملاند.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاسۆ زەندی کوڕی بنەماڵەیەکی کورد پەروەرەو ساڵانێکە لە وڵاتی سوید دەژی و بە هەوڵ و کۆششی خۆی توانیوێتی جێگای خۆی لە کۆمەڵگای سویدیدا بکاتەوەو... وەک کوردێک ببێتە یەکێک لە کاندیدەکانی ( پارتی ژینگە پارێز ) بۆ پەرلەمانی سوید. لێرەوە داوا لە هەموو کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی سوید دەکەین بە دەنگەکانیان کۆمەک بە ئاسۆ زەند بکەن و دەنگی پێبدەن بۆئەوەی وەک کورێک لە رێگای پارتی ژینگە پارێزەوە بچێتە پەرلەمانی سویدو لەگەڵ بەرنامەو گوتاری پارتی ژینگە پارێزدا داکۆکی لە مافی ئەو کوردانە بکات کە تائێستا بەهۆی نەبوونی مافی پەنابەرییەوە لە ژیان و دۆخێکی یەکجار دژواردا دەژین. لیرەدا دەمەوێت ئەوە بە بیری کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی سوید بهێنمەوە کە ئاسۆ زەند خۆی ساڵانێک پێشمەرگایەتی کردووەو کوردێکی پاک و کەسێکی دڵسۆزەو کوڕی مامۆستا کەریم زەندە کە هەموو تەمەنی بەخشیوەتە کوردایەتی و... مامۆستا کەریم زەند یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی  کە بەشداری پێکهێنانی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد کردووەو لە لایەن پێشەوا قازی نەمرەوە پێشوازی لێکراوە. مامۆستا کەریم زەند خاوەنی چەندین کتێبە یەکێک لەو کتێبانە  جوگرافیای کوردستانە. ئاسۆ زەند کوری ئەو پیاوە تێکۆشەرەی کوردە کە لە پێناوی کوردایەتیدا ساڵانێک لەگەڵ باوکیدا لە ئاوارەی و دەربەدەریدا ژیاون. بەرێزان ئەی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی سوید ئەم چەند دێرەم بۆ ئەوە نووسی کە دڵنیابن لەوەی ئاسۆ زەند کاندیدی پارتی ژینگە پارێز کەسێکە شایەنی ئەوەیە دەنگی پێبدەین و بچێتە پەرلەمانی سویدو لەوێوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داکۆکی لە مافی ئەو کوردانەبکات کە تائێستا هیچ مافێکیان نییە لە وڵاتی سویداو لە دۆخێکی گەلێک ناخۆشدا ژیان دەگوزەرێنن. بۆ ئەوەی ئاشنای بیرو بۆچوونی ئاسۆ زەند بن بەباشم زانی لەم دیدارە کورتەدا چەند پرسیارێکی لێبکەم و بزانین کاک ئاسۆ زەند بەرنامەی کاری سیاسی چییە ئەگەر ببێتە ئەندامی پەرلەمانی سوید.

ئاسۆ زەند Asso Zand لەدایک بوی ساڵی 1957 لە سلێمانی

## کاندیدی پە رلە مانی سوید لە ڤێرملاند Värmland ژمارە 4

**کاک ئاسۆ ئەگەر بەڕێزت وەک ئەندام پەرلەمانێک بگەیتە پەرلەمانی سوید بەرنامەی کارت چییە؟ بۆئەوەی کوردەکانی دانیشتووی سوید ئاگاداری بەرنامەی کاری تۆبن؟**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئاسۆ زەند** . دەمەوێ داکۆکی بکەم لە پەنابەرانی بێپێناسە و بێ نیشینگە و ڕەگەزنامە ، مافی چونیەکبونیان وەک هاووڵاتیانی ئەو.وڵاتانە پارێزراوبێت وەک هەر ئەندامێکی کۆمەڵ. دەمەوێت هەمو جۆرە جیاوازی ڕەگەزیو چینایەتی و نەتەوەی و ئاینی لە ناو بچێت .

**دەمەوێ** کاربکەم بۆ دروست کردنی پردێکی پەیوەندی فرە لایە نی لە نێوان وڵاتی سوید و کوردستان بۆ چارەسەرکردنی وزەو سوتەمەنی. هەروها ئاڵوگۆرکردنی بیروڕا بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرجەم بوارەکانی باری کۆمەڵایەتی، سیاسی ، ئابوری، زانستی و دیموکراتی .

واتە پرۆژەی پردی ( ڤیرملاند ) ( کورد لاند ) بۆ پتەوکردنی سەرجەم پەیوەندیە دیموکراتیەکان و تەکنیکە گرنگەکانی..وەک کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوە لە بن نە هاتوەکانی کە هە میشە لە نۆی بوونەوەدان و سود بەخشن بە ژینگە وەک : ئاشی با – Windcraft- گۆڕانی بە وزە، خانەی ڕۆژ-Suncell - بۆ وەرگرتنی هەتاو و کردنی بە وزەی کارەبا هەروەها پاراستنی سەرچاوەی ئاوی، وە گۆڕانی بۆ وزەی جۆراو جۆر.

دوو خوێندنی جیاواز دوو میانەی سیاسی جیهانی جیاواز

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەک چۆن هاورێکانی خەباتم لە کوردستان هانیان دام بۆ خوێندنی زانستی ئابوری لە دانشگای بە غداد 1975، دوایش پراکتیزە پێکردنی ئەو بیردۆزە تیوەرییە لە ناو بزوتنەوەی رزگاری خوازیدا رێگەی شاخی پێگرتم لە 1980 - 1979 ئەوزانستە ئەوکاتە بۆ ئاسان کاری وەلامدانەوەی هەندێک ئالۆزی بنەمای ژێرخانو سەرخانی سیاسی و ئابووریەکانی ئەو سەردەمە وەک کادرێکی سیاسی زیاتر لێهاتوی و بەتوانایی لە فاکتەرە ئابوریەکانا ئامادە بکات بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەوبارە ئالۆزە سیاسیە وەبتوانێت برێک سەرئەنجامی شێوەی شیتەڵکردنی گشتی ئابوری Macroeconomicsanalysi وابەستەگی پرسیارە سیاسیەکانی بە ئابوری ئەوسەردەمە وەڵام بداتە وە.

. ئەو زانستیانەی لەکۆلێجی ئەندازیاری وەرم دەگرت لە سویدساڵەکانی 2000 کە هاوتابوون لەگەڵ رەوتی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوە سەوزە جیهانیەی 1980 وەڵام دەری هەندێک لە چەندین گرفتو بیرکردنەوەی من بوون لە چە رخی نوێدا.

## کاک ئاسۆ بۆچی پارتی ژینگە پارێزت هەڵبژارد کە لەوێوە کاری سییاسی بکەیت ؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئاسۆ زەند** .پارتی ژینگە پرۆسەیەکو بزوتنەوەیەکی زیندوو نوێخوازییە بە هاوکاری و هەماهەنگی مرۆڤایەتی لە گەڵ فاکترە ئیکۆلۆژیەکانی دی دێتە کایە . هیچ جۆرە سنور بەندی و مەرزێکی نییە بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەز. هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕوەک و سروشتدا. پاراستنی سوری سیستمە ئیکۆلۆژیەکەی کە یەکێکە لە هەرە مەرجە بنەرەتییەکانی درێژەی خەباتی . ئیکۆلۆژی( ecology ) کە زانستێکە بایەخ دە دات بە هاوسەنگی نێوان هەر سێ چمکە گرنگەکانی زیندەوەر کە بریتین لە : ڕوە ک ئاژەڵ و مرۆڤ. بۆ ئەوەی هەرسێ چمکە کە لە ژیاندا هەماهەنگ بن و سودی لایەنێکیان نە درێت بە سەر لا یە نێکی تردا . واتە سوڕی ژیانی هەر زیندە وەرێک وەک خۆی بپارێزرێت وە قڕو بنبڕ نەکرێت. ئەمانەش دەستەبەری مانەوەی مافە درێژخایەنەکانی نەوەی ئایندە دابین دەکای .) بە واتایەکی دی گشت کەرەسە خاوەکان و سەرچاوە زیینە وەریەکانی سەر ڕوی زەمین و ژێر زەمین بە یەکجار بە کارنەهێنرێن و بپارێزرێن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# کاک ئاسۆ حەزدەکەم لەو ڕوانگەیەوە بیرو بۆچوونت بزانم ژینگە وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی نوێ ؟

**ئاسۆ زەند** .ڕەنگ دانەوەی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵ بەرامبەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بۆ سودو بەرژەوەندیە کاتیە کورتەکانی خۆی سەرچاوە دەگرێ ، سەرەتایەکن بۆ تێکوەردانی  سەرچاوە سروشتیەکان، هەروەها تێکدانی بالانسی دابە شکردنی یەکسان و سوڕەکانی ژیانیان ، هەڵتەکاندنی ڕەوشی  ئاسایی و لە ڕەچاو نەگرتنی نەوەکانی ئایندە .

.جیهان لە میکانیزم و ڕەوتی گۆڕانکاریدا  ئەوەی پێسەلماندین کە بیرۆکەیەکی نوێ، بزوتنەوەیەکی نوێی شەپۆلی سەوز خوازییە کە دەتوانێ ڕوبەڕوی کۆن بێت و کون و کەلەبەرەکانی چالاکیە جیا جیاکانی ژیانی نوێ دا  بین بکات وەک:هەڵبژاردنی چۆنیەتی گشت ڕەوتە کۆمەلایەتی و ئابورییەکان وەک:

خواردن، هاتوچۆ، خانووبەرە، وزە، سوتەمەنی و پاراستنی گەشەی سوڕەکانی گشت گیان لەبەرو تێگەشتنی تەواو لە هەماهەنگی هۆکارە کاریگەرییەکانی لەسەر یەکدی کە سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی نە هاژێنێ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم بزوتنەوەیە بەدوای چارەسەرێک دەگەڕێ بۆ کێشەکانی نەوەی داهاتو. دەیەوێ وزە بپارێزێ لەڕێگەی دوبارە بەکارهێنانەوەی کاڵا دروستکراوەکان لە پیشەسازیدا.

بزوتنەوەی ژینگە دەبێتە هێزێک لەدژی دیکتاتۆری جیهانی و چەکی ئەتۆمی بکوژ. هەوڵ دەدات کە هێزە دیموکرات خوازەکان جڵە و بگرنەوە دەست.

## کاک ئاسۆ دەپرسم لێرەوە هیچ بەرنامەو دیدێکت هەیە بۆ کارکردن بۆ کوردستان ؟

**ئاسۆ زەند** .بەهاوتا لەگەڵ کاندیکردنم بۆ پەرلەمانی سوید هێنانی مەسەلەی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی گشت کوردستان وەک گەورەترین نەتەوە کە خاوەنی زێدە تر لە 45 ملیۆن کە هەتا ئێستا وڵاتی خۆی نیە، بۆ هەڵبژاردنی مافی چارەنوسی و دان پیانانی لەلایەن کۆمەڵگای نیونەتەوەییەوە.

کارکردن بۆ هێنانە ئارای بزوتنەوەی سەوز لە سەرتا سەری کوردستان و خاوەری میانە و نزیک کردنەوە و هێنانی مەرامو ئامانجە درێژخایەنە نوێخوازەکانی نوێنەری ڕاستەقینە کۆمەلایەتیە سیاسی و ئابورییەکانی بەشە پارچەکراوەکانی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ناوچەقی خەباتی بزوتنەوەی سەوزی سەرتاسەری نێونەتەوەی و ، گرێدانی کێشەو گرفتەکانی بەو زنجیرە خەباتەوە کە دابینی سە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نگو قورسای بواری ئابوری و ڕامیاری وەک وڵاتێکی سەربەخۆی بەرهەمهێنەر لە سەرئاستی جیهانی ڕەنگ بداتەوە.

ئاجێندای سیاسی سە ربە خۆیی نەتەوەی تایبەت بەهەل و مەرجی وڵاتی و مافەکانی پارێزراو ڕیزلێگراوبێت لە ناو وڵاتە یەگرتوەکاندا.

Asso Zand



asezand@msn.com

www.assozand.se

Mobil : 0046-73-7321160, 0750-3172710

**ئەوەی سەرەوە ئیمایل ئەدرەس و سایت و ژمارە تەلەفۆنی ئاسۆزەند هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت پەیوەندی بە کاک ئاسۆ زەندە وە بکات.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com